# ليستى چەپكە گوڵ پڕە لە دڕكوداڵ..!

سەلاحى گەرميان
germiyan@hotmail.com

هەر لە گەڵ بلاوبونەوەى ليستى هاوبەش بۆ هەڵبژاردنەكانى عێراق و كوردستان كە پارتى و يەكێتى دوو لايەنى سەرەكيين تيايدا، بۆ زۆر كەس و لايەن ئاشكرابوو كە لە ليستەكەدا كۆمەڵێك لە كۆنە بەعسييەكان و پياوى دەزگاى مخابەراتى رژێمى فاشى لە ناوچوو ولە بازرگانانى شەڕ هەن، ئەوانەى كە رۆلى سەرەكييان نواندوە لە بەرێوەچوونى سياسەتە گلاوە بێهاوتاكانى رژێم چ لە ئەنفالەكان و چ لە سەركوتكردنى دەنگى بەرگرى و نارەزايەتى و خەباتى گەلى كورد.
بێگومان پارتى و يەكێتى بێ ئاگانين لە رابوردووى ئەو خۆفرۆش و هەلپەرستانە، هەموو خەڵكى كوردستان ئەو راستيە ئەزانێت كە هەر لە سەرەتاوە هەردوو لايان لە پێناو بتەوكردنى دەسەلاتيان نەك لە تاوانەكانى ئەو جانەوەرانە خۆش بوون بە بيانوى لێبوردن و هەڵدانەوەى لاپەرەيەكى نوێ بەڵكو لە پێشبركێى ئەوەدا بوون تا هەر لايەكييان لەوى تر دەنگى زياترى ئەو تاوانبارانە راكێشێت بەلاى خۆدا. لە گەڵ بارودۆخى دواى راپەرينى سالى 1991، پارتى دەستپێشخەر بوو بۆ گرتنەخۆى زۆربەى كۆنە بازرگانانى شەڕ لە سەرۆك جاشەكان و موستەشارەكان و سەرۆك عەشرەتەكان، لە برى ئەوەى يەكێتى ئەو كردەوەيەى پارتى رسوابكات و هەڵويستێكى ئاشكراى خۆى روونكاتەوە بۆ خەڵكى كوردستان، لە بەرامبەر بە نەيارەكەى، كەوتە پەيرەو كردنى هەمان سياسەتى پارتى كاتێك كە بۆى دەركەوت كە پارتى بەو كارە گۆلێكى گەورەى لێكرد، بە تايبەتى كە ئەنجامى هەڵبژاردنەكانى سالى 1992 بەلايەن پارتى شكايەوە. هەر لەو كاتەوە سەرانى يەكێتيش كەوتنە پەنابردن بۆ سەرەك خێل و عەشيرەتەكانى كوردستان بێ چاولێكردن لە رابوردوويان.

ئەو پێشبركێيە لەسەر ئاستى كوردستان نەوەستايەوە بە هۆى ئەوەى هەردوو زلحيزبەكە بە هەڵەداوان رويان كردبوە بەغدا و بە ئومێدى ئەوەى بتوانن ئەو دەسەلاتەى هەيانە بيپارێزن و بتەو ترى بكەن تەنانەت ئەگەر بە هاوكارى دوژمنى سەرسەختى خەڵكى كوردستانيش بێت، پەنابردن و هاوكاريكردن لە گەڵ هێزەكانى ئێران و توركيا و31 ئاب گەورەترين بەڵگەى ئەو راستيانە بوو. لە كاتێكدا خەڵكى كوردستان چاوى برييبوە ئەو رۆژەى كە تيايدا ببينى ئەنفالچييەكان و سەرانى رژێم بە سزاى تاوانەكانى خۆيان بگەن، يەكێتى و پارتى داكۆكيەكى خەستى ئەكرد لە سەرۆك ئەركانى سۆپاى ئەنفال و فەرماندەى فەيلەقى يەكى ئەو سوپايە لە كاتى ئەنفالەكاندا"نەزار ئەلخەزرەجى" كە بە هەوڵى چەندين دڵسوز لە كوردەكانى هەندران داواى ياساى لەسەر تۆمار كرابوو لە دادگاى دانيمارك و ئەو مرۆڤە دڵسۆزانەيان بە نۆكەرى رژێمى عێراق بەدناو ئەكرد، و بە ناوى ئاشتبونەوەى گشتى باوەشيان بۆ كۆنە لێپرسراوانى بەعس وەكو "مشعان ئەلجبورى" و "وەفيق ئەلسامەرائى" ى ئەگرتەوە، تەنيا بۆ ئەوەى لە دەسەلاتى داهاتووى عێراق پاش روخاندنى رژێم پلە و پايەيان بەرزتر بێت و بەشێك لە دەسەلاتى عيراقييان پێ رەوا ببينرێت.

ئەو ناوانەى لە رۆژنامەى هاولاتى ژمارە 205 ى 2004/12/29 هاتووە تەنيا نموونە نين، بەڵكو كەسانێكى زۆرتر لە ناو ئەو ليستە هاوبەشييەى پارتى و يەكێتى هەن، كە نمونەى خۆفرۆشى و هەلپەرستكارى و جاشايەتى و كوردكوژى بوون بێجگە لە فايلدار و كۆنە بەعسى تر كە ناسراون، لێرەدا من بۆ زياتر زانيارى ئاماژە بە چەند ناوێك ئەدەم كە بە پێى زانيارى خۆم نموونەى سوكوچروكى و تاونبارى و هەلپەرستين، لەوانە: "كامەران خيرى سعيد" كە تا سالى 2001 فەرماندەى يەكێك لە سرييەكانى ئيستخبارات كە بە ناوى "سەرايا ئەبو فيراس ئەلحەمدانى" بووە لە ناوچەى شێخان

هەروەها "دەخیل سیدو حەمو" کە سیخوری دەزگای موخابەرات و فەرماندەی سرییە بوە لە هەمان دەزگای ئیستخبارات تاکو ئەو ڕۆژەی ڕژێم مابوو، هەردو ئەوانە لەلایەن پارتییەوە کاندید کراون و "عەتو سلیمان خدر" لە بەعسییە پیسەکانی ناوچە شەنگار بووە بە پلەی ئەندامی فیرقە و خاوەن ڕابووردویەکی ڕەشە و لەلایەن یەکێتییەوە کاندید کراوە. شایەنی ئاماژە پێکردنە ئەو ناوانە وەك نۆینەری برا یەزدییەکانی کاندید کراون لە کاتێکدا چەندین مرۆڤی خاوەن هەڵوێست و ڕابوردوی پاك هەن لە ناو برایانی یەزیدیدا کە شایانی ئەوەن نۆینەرانی ڕاستەقینەی خەڵك بن.

ماوە ئەوە بڵێم ئەگەر بەڕاستی یەکێتی و پارتی خۆیان بە نوینەرانی گەلی کوردستان ئەزانن، ئەبوایە نەك هەر ئەوانە دورخەنەوە لە لیستەکەیاندا بەڵکو دەبوایە پەلکێشی دادگای گەلییان بکەن و بە تاوانی خیانەت و کوشتن سزا بدرین، ئەگەر نا ئەوا دورن لە ئیدیعای خزمەت بە گەل و نیشتمان و هەر قسەیەك لە بارەی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان و پێویستی ڕێزگرتن و داکۆکی لە ئەنفالکراوەکان و گەلی کوردستان بلقی سەرئاوە و ئەوە ئەسەلمێنێت کە دەسکەوتی حیزبی نەك لە سەروی خواستی خەڵکی کوردستان بەڵکە لە دژایەتیدایە لە گەڵ بەرژەوەندی خەڵکدا. کە باس لە گەندڵی و پاکسازی و چاکسازی ئەکرێت ئەی باوەشگرتنەوە بۆ ئەو نالەبارانە ئەکەوێتە چی خانەیەکەوە. ئایا ئەو لیستی چەپکە گوڵەی کە کوردستانی نوێ لەسەردێڕی ووتارێکیدا باسی لێوە ئەکات بەڕاستی چەپکە گوڵە، یان چەپکێکە پڕ لە دڕکودال و گیای خوێڕوو و ژەهراوی، یان بەچی پێوانەیەك نازانم ئەو بۆرە کەسانە ئەخرێنە پاڵ ئەو بەڕیزانەی کە ساڵەهای ساڵە خەباتیان کردوە و خاوەن ڕابردویەکی خاوێن و پر سەروەرین، ئەبوایە ڕابردووی پاك و هەڵویستی خاوێن یەکەم مەرجی خۆ کاندیدکردن بوونایە لە هەڵبژاردنەکاندا نەك خاوەنداری هۆز و عەشیرەت.